# خەونبینیی تێکەڵ بە هەوا

## کارە شیعرییەکانی جۆرج شەحادە (1905-1989)



و: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

*جۆرج شەحادە لە 2ی نۆوامبەری 1905 لە ئەسکەندەرییە لەدایك بووە.

*ساڵی 1944 لە خوێندنگەی ئەدەبیاتی باڵای بەیروت کاری کردووە لەگەڵ رەخنەگری بەناوبانگی فەرەنسی (گابریل بۆنۆر) وەکو یاریدەدەر. پاشان بوو بە راوێژکاری نێردەی رۆشنبیریی فەرەنسی.

* ساڵی 1928 لە پاریس کۆمەڵە شیعرێکی لەلایەن دەزگای چاپەمەنی بیری لاتینی بە ناوی (بڵێسەکان)بڵاو دەکرێتەوە ..

*لە ساڵی 1930 دا چەند شیعرێکی لە گۆڤاری کەمیریس بڵاوکرایەوە، کە (پۆڵ ڤالیری ) سەرپەرشتیی دەکرد.( پۆڵ ئیلوار) ئەو شیعرانەی بە دڵ بوو.

*دوای جەنگی جیهانیی دووەم رووی کردە شانۆ، لەوێ رێز و سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێنا. سەرجەم شانۆنامەکانی کراون بە عەرەبی لەلایەن (ئەدۆنیس )ەوە.

* ساڵی 1949 چەند مانگێك لە پاریس نشتەجێ بوو، هەر لەوێ (بریجێت کۆلێریس)ی ژنی ناسی و بووە برادەری (بیار ژان جۆف و شاگال و ئەکتافیۆ باز) سەرەرای ژمارەیەك لە شاعیرە سریالییەکان، لە ساڵی 1949وە لە گەڵ ئەدامۆف و ئۆدبیرتی و یونسکۆ و بیکیت ، دەستی کرد بە دامەزراندنی (شانۆی نوێ).

*ساڵی 1951 دەرهێنەری فەرەنسی جۆرج ڤیتالی یەکەمین شانۆنامەی بەناوی (مسیۆ بۆبڵ) لە سەر شانۆی لاهۆشیت پێشکەش کرد، بە دیدو چەمکێکی شیعری و شانۆی نوێوە، ئەو دەمە رەخنەگرە شانۆییەکان زۆر بە توندی رووبەرووی بوونەوە. بەڵام دواتر شاعیرانی وەکو ئەندرێ بریتۆن و بنجامین بیری و ئەکتەری شانۆیی بەناو بانگ جیرار فیلیپ بەرگرییان لێی کرد. دواجایش ئەم هەمووە تاجی سەرکەوتنی گەورەی لەسەرنا بە شانۆنامەی (شەوچەرەی پەندەکان)، کە ژان لویس باروت دەریهێنا و دواتریش شانۆنامەکانی دواییـنی دەرهێنا وەکو،( حیکایەتی فاسکۆ ) و (بەنەوشەکان) و (سەفەر) و (بریسبانی کۆچبەر)، کە بوونە هۆی ئەوەی بچێتە ناو (ریبرتواری کۆمیدی فرانسین)ەوە، شانۆکانی بوونە بەشێکی وەرزی شانۆی ساڵانەی .

*ساڵی 1986 یەکەم برندەی خەڵاتی فرانکفۆرتی وەرگرت، کە ئەکادیمەی فەرەنسی بەخشییە کۆمەڵێك لە کارە شیعرییەکانی.

* ساڵی 1978 ئەو ساڵەی کە دایکی مرد، بە یەکجاری بەیروتی بەجێهێشت و لە پاریس نیشتەجێ بوو، تا 17ی کانوونی 1989 ژیا.

**شیعرەکان (1) 1938:**

**(1)**

ئەو شیعرەی کە تەمەنی خۆشەویستییە
مەیەکە لە توێی پەنجەکانەوە دەرژێت
گوڵەکانی زەویت لەبیر بێ، لەبیر بێ
شەرم سەرتی لە جانتایەك هەڵگرتبوو
هەزاران کەلاوە نیشاندەری هەنگاوەکانتە
تۆ لەوێ، لە بەرزایی لەسەر گردێك
لەو شوێنەی کە مانگ ئۆرگنەکانی خۆی بەجێدەهێڵێ و
درەختەکان وەکو ئاژەڵە دەریاییە رووناکەکان هەڵدەلەرزن
بەڵام تۆ بروات بەو هاوارە سروشتیانە نییە
ئەگەر شاخەکان بیانتوانیبا هەوا بگۆڕن
لەوێشەوە بچێتە نێو وەرزەکانەوە
دەبوو لە ڕێگەی ئاسمانەوە ڕێت بکردایە
لە بیستدا دەلەرزی
کاتێ چاوت بە ئاوی ژنان دەکەوێت
ژوور قەشەنگی دەریای هەیە
شەو هەردوو تەمەنمانی تێکەڵ کرد
وەکو دوو چۆلەکەی هەڵفریوو کە پێکەوە بەربنە خوارەوە
لە بێدەنگیی ترسناکی هێلانەکان
ئەی مۆسیقای بەردی دوورگەکان.



یەکەمین بەرخەکان لە نێو گۆلاوەکە دەبارێنن
لە ژێر درەختا نووستین
مانگ وەکو ئاژەڵی زریان بەرز بوو
گەڵاکانی (با) گریان گرتبوو
خەونمان بینی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چاکتر خۆمان بین
پیاوێك لە هەموو پێچێك دەخەوێ
تەوێڵێك عاجباتیەکان دەیورووژێنێ
شانێك ئاسمان سێبەری لێ ناکات
نزیکی وەکو ئێمە تەورە
ئەم هاتوهاوارانە لە لادێ.
هەموو هاوینێك پڕ دەبم لە خەمۆکی
خۆشم دەوێی وەکو چۆن پێت دەڵێم
لە پێناوی ئەسپێکی سپیی وەکو زستان
شنە کراسی ئارەقاوی دادەکەنێت و
باڵندەکان لەبەر برینەکانی دەریا دەمرن
تاج بنێ سەر ئەو خۆشەویستییە کەوانی بەدەستەوەیە
پەرەسێلکەیەك لە هاوشانی ئێوارەیە
نە هێزی هەیە و نە ڕەنگ
ئەم وەرزە بەبێ هەسارەیەکی نوێ تێپەر نابێ
لە زەردەپەڕیدا فێنکی سەرجەم شەوانی تیایە
بەهاوارەوە لە ماڵی گەڵاکان خەودەبینم
ئەوە منم کە گۆرانییەکی ماندوو دەڵێت و
دەڕۆم پەیکەری مرواریەکان هەڵدەگرم
دارستانەکان دەمرن و
گەڵاکان لە بریندا دەفرن.

-2-

دایکم کە لە من شاعیرتر بوو
بۆ خوشکەکەی دەنووسێ:
دەنگی خۆشە وەکو زەوی
لەسەر روومەتێکی گوڵە و لەسەر روومەتێکی تری کتێب.

-3-

کاتێ پاییز لەسەر شاخ هەڵدەلەرزێ
چاوی باڵندەی پۆڕ بکە گەردنت
جوانی هەمووی لە ( با ) و چاوی رەشدایە
خۆشم دەوێی وەك پێم وتراوە
فریشتە بەم نەخۆشییە دادەپۆشێ

بەڵام  دەمت بەشە جوانەکانتە لە بەرەبەیاندا
لەوێ لە پێناوتا هەمیشە پۆشاکی مەرگ هەبوو
زایەڵە تەپڵی لێ دەدا و لە میچ دەهاتە خوارێ
چاوت وەرگێڕە بەرەو شووراکە
بۆ ئەوەی وەرزەکانی بەهاری دارستانە دوورو درێژەکان لە قژەکەتا رەنگ بدەنەوە
باران زۆر لە مێگەلە سوورەکان خۆشترە
ئاو لەسەر شانەکانی لە کڵۆڵی زۆر سپیترە
نازانم جا ئەوە نیشانەیە یان ئەشکەنجەیە
ئەو دەنگە لە منداڵیمدا وەکو سێوێك
لە گوندەکان بەدبەختییەکی گەورە
ئەی خۆر ئەی مانگ
ئەی شیعری لەدایکبوونم
هەسارە گوناهبارەکان مژدەی هێشووەکان رادەگەیەنن
پوورەکانم قسەیان دەکرد و کاتێ مەرگ زۆری بۆ دەهێنان و
لە ناو درەختەکاندا
لەگەڵ کۆتر و مارەکانیدا  دەنیشت.. ژنی پیریەتی

-4-

لامارتین ئەی بەدبەخت
تۆمارەکانی خۆت لە پاکەتێکی کارتۆنی شیرینیدا هەڵگرتووە
کەسیش بەزەیی پێما نەهاتەوە، تەنانەت زەویش
ئەوەی کە خوێنی هەموو گوڵێکی لە باوەش گرتووە
تۆ، ئەی روخساری شاعیر  لە سەر رووی ئاو
هەموو ژیانم وەکو ئەم گەمییانە بەرەڵاکرد.

-5-

ئەی خشخاش گوڵێکی بۆش بەتاڵ نابیت
چاوی کراوەم زۆر خۆشویستووە
ئەوەتا ئەمرۆ پتر  لە مەرگی خۆی سپی ترە
شەویش بەردی بەسەرا دەکات
هەردوو چاوەکە وەکو جووتێ گوڵ لەودیوی سروشت دەمێننەوە.

-6-

ئەی ژنی گەنج بە خۆشنوودی دەخەوم
لەلای ئەو چۆلەکەیە زمانم لێ مەدە کە تەماشام دەکات
رەنگەکان لە خەوا لەدایك دەبن

ئەم هەفتەیە  بۆ بۆنکردن دەست نادات
رەنجم بەرامبەر لێوەکانت ون دەبێت
من ئێستا لە شێوەی بەردێکی سافم
وەکو گەوهەرێك لە دەرەوەی وەرزەکان
دەم وەکو شوورەی رێگا پشتگوێ خراوە
شەویش چراکان فرێدەداتە نێو درەختەوە.

**شیعرەکان (2) 1948**

-1-

لەسەر چیا
مێگەلەکان لەوێ لەگەڵ سەرما قسە دەکەن
وەکو خوا چۆن قسەی کرد
لەو شوێنەی خۆری لێ یە هەروەکو چۆن لە گەردوونی یەکەمەوە
سەرمایەك هەیە پڕلە خۆشیە
لە پێناوی مرۆڤێکا لە ئاشتی خۆیدا رێبکات
بەم وڵاتەدا خەون دەبینم لەوێ کە حەسرەتی لێیە
هەندێك هەوا
لەو شوێنەی خەو دەکەوێتە ناو بیرەوە
خەون دەبینم و من لێرەم
لە نزیکی دیواری بەنەوشە و ئەم ژنەوە
کە وادیارە ئەژنۆکانی لەبەر ماندوویەکی بێکۆتا بلاوبوونەتەوە.

-2-

لەوێ باخچە هەن وڵاتیان نییە
لەگەڵ ئاودا بە تەنیان
ئەو کۆترە شینکانەیان پیا تێدەپەرێ  کە بێ هێلانەن
بەڵام مانگ بلوورێکە لە بەختەوەری و
ئاژاوەیەکی مەزنی درەوشاوە بە یاد دەکاتەوە.

-3-

ئەمانە کۆچ دەکەن بۆ ئەوەی ماڵەکانی خۆیان و
دیواری دەستەمۆی سێبەر لەبیرکەن
پێ دەشت و ئاوی بۆگەن و شۆڕشی بەردی گەورە
ئاگاداریان کەرەوە.
نازانن
- بەدەر لە ئاسن ویاسەمین و شێوەکانی
شەوی بەختەوەر بۆ گواستنەوەی جیهانەکانی

تەمەن لە ئاسوودەیی وەك بڵێی شیلەیە
بۆ ئەوان سروود نییە
جگە ئاونگی گڕگرتووی دەریا نەبێت
جگە خەمی هەتاهەتایی کانییەکان نەبێت.

-4-
وەکو ئەم دەریاچانەی کە زۆر ئازار دەگەیەنن
کاتێ پاییز دایاندەپۆشێت و شین هەڵدەگەڕێن
وەکو ئاو دەنگی نییە جگە ئەوە نەبێ کە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە
ئەی ژیانم ئاسوودەییت بۆ نیە
چۆلەکە بەرێکی دەفڕن
هەموو وڵاتێك خەوی هەیە
تۆ لەبەردەم رووخساری خۆتدا ماڵئاواییەکی زۆری
لە گەڵاکانی ئەم پێدەشتەدا.

-5-
درەختەکان تەنها بە خشپەکانیان سەفەر دەکەن
کاتێ بێ دەنگیی هەزاران چۆلەکە جوانە
ئەوان ناسك و قرمزین بۆ ژیان
ئای ئەی غوباری بنیادەمی چاك
وەرزەکان دەڕۆن، بەڵام دەتوانی گرەو بکەیت
تا دوا مەودا شوێن خۆر دەکەون
پاشان وەك ئەو فریشتانەی دەست لەبەردا د
بەجێدەهێڵرێن بۆ کێڵگەکانی ئاسمان و
ئەوانەیش لەژێر گەڵاکان خەون دەبینن
کاتێ باڵندە پێدەگات و رەفەکانی خۆی بەجێدەهێڵێ
دواجار تێدەگەن، بەهۆی گەواڵە هەوری گەورەوە
زۆرجار بۆ مەرگ و زۆرجاریش بۆ دەریا.
-6-
کاتێ شەو بە درەوشاوەیی پەرت دەبێت
کاتێ بەنەوشە دەستپیاهێنانی پێ قبووڵ نییە
دەڵێم گوڵێك لە شاخ تا بڵێم گۆشەگیری
دەڵێم ئازادیی تا بڵێم بێ ئومێدی و
خیتابی هەنگاوەکانم ئیمزا دەکەم
رێ لە درۆ هەڵە دەکەم
لە دارستانێکی درەختدا
کە پڕە لە دادپەروەری و شیعر.

-7-

ئەی خۆشەویستەکەم هەرشتێکمان خۆش بوێ
وەکو سێبەر رادەکات
وەکو ئەم زەوییە دوورە لەو شوێنەی مرۆڤ ناوی خۆی ون دەکات
هیچ شتێ نامانهێڵتەوە
وەکو ئەم لێژاییە پڕلە سوورەچنارە، لەو شوێنەی منداڵانی ئاسنی شین
دەنوون ومردوون.

-8-

رووبارەکانی جەنگەکان و گوڵەکانییەتی
بەیداخێکی نەرم ئاسن رایدەژەنێ
پێدەشتەکان دەبریسکانەوە و وڵاتیان نەبوو
پاشان بەفری رەزاقورس و سپی هات
مێروولە کراسی عاجباتییەکانی دەکرماندو
ساڵەکان چەند سست بوون
کاتێ بەروانەکەی کیژە قوتابیت لەبەر دەکرد
کاتێ هەموو شەوێك بەسەر منداڵیی خۆتدا دەنووستی

-9-

کەمانێکی کوێر بۆ هەردووکمان دەگریا
کانییەك لە بەرد
لە زستانا ئەو وەرزەی رووخساری نییە
کاتێ هێشووەکان رەش دەبنٍ

-10-

لە باغێکی سێودا دڵخۆش دەبم
لەم ئاوە لادێیەدا
بە هەنگاوێکەوە دەڕۆم دژوێنی تیا نییە
لە پێناوی تۆدا ئەی کیژە دۆستی شۆڕەبی مەرگ
کۆترەکان بەبێ هەوا نافڕن
نادیاریی لە ساڵەکان زۆر درێژترە.

-11-

ئەگەر تۆ جوانی وەکو مەجووسی وڵاتەکەم
خۆشەویستەکەم ناگرێی
سەربازن کوژراون و سێبەرەکانیان لە مەرگ رادەکەن
- مەرگ بۆ ئێمە گوڵێکە لە حیکمەت

دەبێ خەون بەو باڵندانەوە ببینین کە کۆچ دەکەن
لە نێوان ڕۆژو شەودا وەکو شوێنپێ
کاتێ خۆر لە نێو درەختەکاندا خۆی دەشارێتەوەو
لە گەڵاکانی دێیەکی دیکە دروست دەکات
بۆ ئێمە خۆشەویستەکەم
چاوی سەوزی بەندییەکان
بەڵام خەونەکان جەستەی هەردووکمان دەپەرستن
وەکو دوو ئاسمان لە ئاودا ڕادەکشێین و
قسەکردن تاکە نادیاریمانە.

-12-

دێینەوە وەکو جەستە لە خۆڵەمێش و درەخت و گوڵ
لەگەڵ چاوی ئاژەڵێکی شۆخدا
ئەی کۆتری
نزیك بیرە ئاوە برۆنزییەکان لەو شوێنەی
خۆرە دوورەکان دەنوون
پاشان ملی ڕێگای چەماوە دەگرین و
هەنگاوەکانمان
لەژێر کانییەکانی مانگدا کە ئاویان تیا نییە
ئەی کۆترەکە
لەوێ لەو شوێنەی کە دوورەپەرێزییەکی گەورە بەرد دەجوێ.
ڕۆژان و شەوان بەهەزاران هەزار سێبەرەکانی خۆیان ون دەکەن
زەمەن لە شتەکان تەبەڕایە
ئەی کۆترەکە
هەموو شتێ تێدەپەڕێ وەکو من مەلێکی وشك بم.

**شیعرەکان (3) 1948:**

-1-

ئەستێرەکە دەگەڕێتەوە بۆ باخچە رووخاوەکە
کە دەڵێی نوتفەیەکی ئاوی لەدایکبوونەکانە
چۆلەکەکان کە ئۆقرەیان لێبڕاوە ئەوەی شاردویانەتەوە ئاشکرای دەکەن
خۆشەویستەکەم من لەلادێم
لە گەڵ ئەو درەختانەی هەمان تەمەنی منیان هەیە
کەچی ئاسکەکان لەنێو برژانگی نووستوەوە تێدەپەڕن
مەرگ ئەم ئێوارەیە کوڕی زەمەنی خۆشەویستە

-2-

کاتێ چۆلەکەو خوێندنەکەی پارچە پارچە دەبێت
هەندێ جار ئەو گەڵانەی
باوەڕیان بە خەمۆکیی خۆیان نییە لە ناڵە دەوەستن
لە دوورەوە هەوا نەما و نایەوێ گوێ بگرێت
بەو جۆرە یەك شەممە، لەگەڵ سەگەکانمان رەت دەبین
لە ئاسمان و لە باخچەدا
لە پێناوی مەنفای وێنەکانمان
لە ئێوارە سێبەرێك دەبەخشینە هەموو منداڵێك.

-3-

لە پاییزی زەردا کە لە دارستانە بەرەڵاکراوەکەدا هەڵدەلەرزێ
خەمۆکییەکی نامۆ دەمێنێتەوە
وەکو ئەم زنجیرانە نە بۆ لەشن و نە بۆ گیان
هێشتا بیرە ئاوەکانی نیعمەتت بە جێنەهێشتووە، ئەی وەرز
ئەم ئێوارەیە دەڕۆین لە نێو گەڵاکانتدا
کە لە نزیك تاڤگەیەکی خەمبارەوە رەت دەبن
ئا ئەوەتا  ئەستێرەکە لە نێو گەواڵەیەکی گەورەی شەفافەوە
وەکو بڵێسەیەك لە برسێتی.

-4-

ئەوە ئەوەیە کە بیر دەکاتەوە و قسە ناکات
ئەسپ رایدەکێشێ بەرەو تەورات
دار نایترسێنێ
کێ خەون ببینی لەگەڵ ئەوا تێکەڵ دەبێت.

-5-

کچۆڵانەیەکی خاوەن کۆکەیەکی شاخاوی
کە لە سەروچاویدا  گڕۆگیا هەڵدەگرێت
تۆوی دارستانەکان شوێنەواری نەدۆزییەوە
زایەڵەو سەگە بۆنخۆشەکانی یادی ناکانەوە
وابزانم لە جلو بەرگەکانیدا دامرکایەوە
بەر لەوەی بگاتە لایەکی شاراوەی درەخت
بەشە شەوی خۆی دەبەخشێتە قەلەڕەشی لم و
بەشەکەی دیکەی کە نەرمترە بۆ زۆنکاوە دوورەپەرێزەکان
بەو جۆرە بەفری چووالە لە بەهارا بەردەوام دەبێت.

-6-

ئەمەی بە سۆزەوە گرێی دەدەیت شتەکانی ڕۆحن
ئەمە بەموعجیزە نادیارە
هەموو خەونێك غوباری خەونەکانە
ئەو مێگەلانەی لەبەر مانگدا هەزار ساڵ تەمەن بەسەر دەبەن
ئەم چیانەش کە بە گوێز دەلەرزێن.

-7-

ڕۆژێکیان دەڕۆین ئێمەی منداڵانی سەر زەوی
لەگەڵ دەسەسرە قرمزییەکاندا
وا دەکەین چۆلەکە لە دەستی بەرد رابکات
لە وڵاتی سێبەرەکان_ ئەم نەقالە خەمبارانە
لە دۆڵێکی گوڵینی تەسکدا بەڵام سەخت
لە ئاستیماڵئاواییەکانی خۆرەوە
دەبینین شەو و ڕۆژ بەرگری دەکەن
دەبینین مانگ وەکو پێدەشت بەسەر دەریاوەیە
بەو شێوەیە دەڕۆین بۆ دۆزینەوەی ئاسمان
- لەگەڵ سێبەری ئەم نەقالە خەمبارانەدا
بە قورسایە زۆرەکانمانەوە لە ژیانی هەورە ساردەکانەوە
وەکو ئەوانەی لە خاکی هەتاییدا دەنوون.

**شیعرەکان** -4- (1951):

-1-

ئەو گوڵەی لە بەروانکەدا دەخەوێنرێت
هێشتا هەناسە دەدات لە پێناوی زەمانی ڕۆحی خۆیدا
- کێ نیشتەجێی خەون بێت هەرگیز نامرێت
وەکو من و ئاو و قووڵایی ئاو
بەسەر دەریاچەدا دەنووشتێمەوە
دەنگم نییە
بەڵکو ئاسن وێنەیەکە و دادەڕزێت

-2-

چیایەکی هیندی لێ دەردەهێنم بە ئەرخەانەکەیەوە
ئەم بۆنە برۆنزییە کە هەندێ جار لە ئەسپەکانەوە دێت
ئێمە گوێ بە گەڵا مردووەکان نادەین
خەم هەیە کە خەمی ئێمە نین

دڵم ساوای خۆمە
دەڕۆین بۆماڵێك لە لادێ
بۆ ئەوەی لە تەك ئەو شتانە بین کە خۆشمان ویستووە
هەروەکو لاپەڕەکانی کتێبێکی مان
تۆبەرەکەمان دەبێتە فریشتەی دیوار.

-3-

کاتێ هەموو شتێ لە ماڵە ئاشناکەدا دەنووست و
خەزنەکان بە پیریەتیی ترێیانەی خۆیانەوە
کاغەزێك لە سێبەری زەویی دەرگاکان رادەکێشێت
دایکم بە چەماوەیی خۆیەوە بەختەوەر بوو
وەکو هەزاران بەیانی جوان بوو.

-4-

هەندێ کڵێسە هەن قەدیسەکانیان لەبەر تەنیایی
لە دەرەوەن.

- خۆشەویستەکەم ئەمە ناڵێین
ئەوان دوورن، لە تاعەتەوە
چاوی شینی سەفەریان هەیە
وەك ئەو شوانانەی دەم بەخەندە دەخەون.
مانگ لەگەڵ خێزانەکەی خەمبارە
لە ئاسمانێکی وەڕز وەکو ژوور.

**شیعرەکان -5- (1972):**

-1-

بەژنی کیژەکان لەبەر (با)دا مەوجیان دەدا
چۆلەکەی خاوەن چاوی مرواری شوێنەواری بەجێنەدەهێشت
ئاە بیرم کەوتەوە- ئەوە سەردەمی فریشتە بوو
لە زەویی بەختەوەردا شەو و رۆژ بۆ منداڵەکان بوو
نادیاریی پاسەوانی خەندە و وشەی دەکرد
هەموو شتێ لە هیچەوە دەدرەوشێتەوە: گیا و چرا
تەنها ئەسپی سەرکێش پاسەوانیی دەکردو
بەرەو رووم هاواری دەکرد:
دەگمەنە دەسەڵاتی هەبێ جگە لە مەرگ نەبێت
ئاە بیرم کەوتەوە.

-2-

هەندێ جار شەوانە، قەدیسەکان سەردانم دەکەن
لە شووشەی پەنجەرەکانەوە  وەکو رووەکەکانی دەرەوە دێنە ژووری
بەسەریان دەیانناسمەوە کە بە بووکەشووشە دەچن
لەبەر ئەوەی دەیانەوێ بە دڵم یاری بکەن
لەماڵەکەدا هەنگاوێك دەنێن
بە هەنگاوی دووەم بەرەو شانۆ ئەرخەوانییەکە
پاشان وەك خۆیان دەگەڕێنەوە
مەبەستم جوانییەکی نەبینراوە
- تاکە شایەت لەسەر موعجیزەکە
بووکەشووشەیەکی بەئەنقەست لەبیرکراوە بوو
چاوانی لەسەر خەونەکان داخراون
وەکو کەس نەبێ.

-3-

لە پانتاییەکی بەتاڵی پڕ وەکو ئەنگوستیلە
پەنجەرەی شەو بەسەر مەرگا یان بەسەر خەونەکاندا دەکرێتەوە
لەوێ لە پێدەشتەکەدا، ئەمشەو
وڵاتی میزۆپۆتامیا و پەنجەرەکانی
گوڵ خۆی بە چرا گەرم دەکاتەوە، دەڵێی خوشکێتی
ئۆە تەماشاکە
پاپۆڕێکی بە چارۆگە بەسەرێکی شێرەوە لەنگەرگرەکەی هەڵدەدات و
هەمیشە لەسەر رۆخ
چرچ و لۆچییە گەورە سپییەکانی دەریا.

-4-

ئەوانە رێبوارانی ئایندەن
ئەوانەی زۆر شەوانە لە پێدەشتەکە دوادەکەون
لە لێخۆشبوونی تاریکاییەکی قووڵدا
دوور لە گڵۆپە گەرمەکانی سەر چاوان
لە هەوای رووتدا
ئەو ئەستێرانە دەناسێ کەلە بەردەم پەنجەرەکانیان دەوەستن
لێدەگەڕێ پەیژەکان بدرەوشێنەوە
لە بەرەبەیاندا،  کاتێ راوچییەکان کون دەخەنە
بێدەنگیی لادێکان.

-5-

شەوان هەڵدەستا بۆ ئەوەی لە شەوا لە کریست رابمێنێ
دەستی دەدا لە برینی رەشهەڵگەڕاوی تا چاك ببێتەوە
کەچی جەستەی وەکو گوڵی بەیبوون دەلەرزی
لە تاریکیدا قووڵی سێبەرەکەتم خۆشدەوێ
بەخۆشی دەگریت لەوانەیە هەر کەسێ دەستت لێ بدات بمرێت
هیچ کەسێك کچێنیی لێوەکانتی نییە
جگە دەنگت نەبێ

-6-

لە پاییزێکی سوورو زەرد وەکو بێژنگێك لە تۆوی درەختەوەو
دووکەڵی شنەیەکی نەخۆش
قەلەڕەشێك گۆچانی بەدەستەوەیەو پێشبینیی چاکبوونەوە دەکات
هاوار دەکەم، خەون بەو کیژەوە دەبینم کە بەدارستانەکاندا تێدەپەڕێ
کە لە حیکایەتێك دەچێت
ئەی خۆشەویستی تەمەنێکی درێژی پێ ببەخشە
بەڵام ئەو زایەڵەییەی بە پشتی چەماوەوە
لە دوورەوە دێت
وشەکانی ون کردووە،
دەنگ دەداتەوە: خۆشەویستی خۆشەویستییەکی بێ ژیان
یاریی کاغەزێنە.

-7-

دایکم چراکانی هەڵدەکرد بۆ ئەوەی تارمایییەکان لە ئێمە دوور بخاتەوەو
بە پەنجە تەمەنمانی دەژمارد
کاتێ سەعاتی سەر دیوارەکە لێی بدایە
باسی ئەو زەمەنەی دەکرد کە بە زەردەخەنەوە رەت دەبوو
ئەو پیاوانەی لە دوایەوە دەڕۆیشتن ئەوانە فریشتەکانی بوون
ئێستا مانگ مردو تۆ لە کوێی
ئەی بیرۆکە جوانەکان
ئەی خۆشەویستی ددانە سازکراوەکان
ئەی منداڵیەتی کە لەسەر روومەتم دەگریت.

-8-

ئەگەر رۆژێکیان گەڕایتەوە بۆ خاکی دایك
بە هەنگاوی هێواشی وەکو ئەسپێك شەو ماندوویی زیاد بکات
ئۆە دەڕۆم بۆ ئەو باخچەیە

تا ئەو گوڵەی بەرکەوێت کە بەئاسانی
کە بەیبوون دەمەشێری هەیەو نایناسێ
- جاڵجاڵۆکەی گەورە گەورە لەگەڵ پەپوولەکان دەفڕن
وەکو چۆن لە تاو لەرزی منداڵی روودەدات
پێ بکەنە یان بگری، بەڵام نەترسی
سێبەر دەڕوا
بەر لەوەی شەو رووناک بێتەوە.

-9-

خەمۆکی ئەسپێکی گەورەیە لە نێو هەورەکان گەشت دەکات
بەبێ قسە خەون دەبینێ
بە منداڵییەکی زۆر بە سۆزترەوە
منداڵییەکی کۆچکردوو لە مەلەکووتی دیوارەکاندا.

-10-

کاتێ خەمی دەریا و خۆشی تێکەڵ دەبن
لەزەردەپەڕا بە تەنیا لە سەر ڕۆخ
ژنەکە دەڵێ: ئەگەر لە ناکاو خەمۆکی دایگرتم
لەسەر لمی نەرما پاڵ دەکەوم
بۆ ئەوەی رووت ببمەوە و بۆ ئەوەی بمرم و
منیش بیرم دەکردەوە کە بمرم
ئەو بەر لە هەموو شتێ جووتێ چاوی کراوەو
شەوێکی سپی لەنێوان گوڵ و نوێژە
پاشان چوار مۆمی هەنگوینی کە ئاگرە ئاڵتوونییەکەیان بڵیسە دەکەن.

-11-

باخچەیەك هەیە لە خەم لەنێو قەفەزی باڵندەکە و
خەمۆکیش ماڵێکە بە تەواوی
باڵەکان گەڵای سەوزن
لە ڕۆژێکی رازاوەدا
وەکو لەتە نان پارچە پارچە دەبێت
خۆم بیردێتەوە خوێندکارێکی هەژار بووم
بە تەنیشت پەنجەرەوە.

-12-

کاتێ مانگ لاواز دەبێت
لەسەر نوێنی ژوورەکەت

لەسەر نەخشەی دووری بێ کۆتایی لە ئامێزی بگرە
چۆن کچێك لە ئامێز دەگریت.

-13-

ئێوە کە کۆچ دەکەن بۆ وڵاتی دوور
کەواتە با ئەسقەفەکانی خەون بە جلە ئاڵتوونییەکانیان
پێشکەشتان بکەن بە تیشك
نەڵێن ئێوە تنۆکێ ئاون
کە لەسەر پەنجەکانیان بە هەموو دەوڵەمەندییەکی خۆیەوە دەلەرزێت
کە ئێوە عەنبەر و گەنمەشامین لە گرێکانیاندا
با ناوتان بنێن تەرمی کەمانچە یان مامز
شەمشەمەکوێرەیەکی کلۆڵ لە هەوادا بە شەلە شەل دەسورێتەوە
بۆ ئەوەی لە ئازاری سەرمای مەودا و برینەکانی دووربێ
تەنانەت بۆ ئەوەی ئاو لە دەریاش بۆ ئێوە
شیرین بێت.

-14-

ئیقۆنەیەکی خاوەن دوو چاوی رەشی و نەوی
وەکو  دوو بەری کەستەنا
کیژۆڵەیەك لە وێنەکەیدا بە ئارەزووی خۆی
کچە شازادەیەکە یان مامزێکە
بەشەفافیەت و ئاسمانێکی تەنکەوە.
- بەو هەردوو بازووەم کە تاڵی و بەرگری دەیانپێچێتەوە
باوەشی پیادەکەم و پێی دەڵێم
ئەی ژنی ئاسمان
تۆی نان و بیر دەبەخشیتە
ئەو کەسەی بەدوور و درێژی بیرت لێ دەکاتەوە
بۆ بەبێ فرمێسك بۆچی دەگریت
لەم ژوورە دیوار کۆنەدا
کە نە پەنجەرەی تیایە و نە پەرەسێلکە.

-15-

نە دەنگی رێکەوت دەنگی دەریاییەو
نە سەفەری (با)ش
ئەو سروود و گۆرە بۆ خەوتن
وەکو چۆن درك فرمێسکی گوڵە لە بەیاندا

وەکو چۆن هەلاڵە یادگارییە بۆ پاشاکان
ئاە چەند خەمۆکی لە شتەکاندا زۆرە.

-16-

نە دادت هەیە و نە سامان
بەڵکو گوڵێکی بچووکی وشکەوەبووی لە ناو کتێبدا
کە هیچی تیا نەماوە تەنها خۆڵەمێشی خۆشەویستی نەبێ
- چۆن دەمرین
کە ئێمە دەتوانین خەون ببینین؟

**شیعرەکان (6):**

**مەلەوانی خۆشەویستی تەنیا..(1959)**

-1-

لە باخچەکەدا پیاسەی دەکرد
لە درەختەکانەوە پیتی نەرم دەکەوتنە خوارێ
هەوایش ڕەنگی خۆی لەدەست دابوو.
ئەوە لەدایکبوونی ئێوارە بوو
تەڕایی هێلانەکان، یەکەمیان کیژێك بوو خەونی دەبینی
ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دەدایەوە
ئێستا شەو بۆ هەتاهەتایە دووبارە دەبێتەوە
درەختەکان لەناو گەڵاکانیاندا خۆیان دەشارنەوە
لە دووریشەوە بێدەنگی دێت.

-2-

**سڵاو بۆ فرا ئەنجیلیکۆ**

دایکم ناوی فریشتە بە ناوی یەکەمیەوە ناو دەنێت
جبرائیل کە پەنجەکانی بە کەمان دەچن و
باڵەکانی کە وەکو سەیەف وان و
ماری بەتەنها لەماڵەوەیە
چاوەکانی بە سەر ڕووخساریدا دادەپۆشێ
ئەم هەمووەش لە ژوورێکی بەتاڵ
مەگەر تەنها لە نان و ئاو و حەمد و شکوور نەبێ.

-3-

**بۆ ژان.كلۆد مۆران...**

لەژێر خۆری بەنەوشەیی زەمەنێك كە تەواو بووە
لە كۆچی گەڵا مردووەكاندا
باخەكە بێ گوڵ بوو
كەسی بۆ ناچوو
نە ڕۆحەكان و نە زایەڵەكان
تەنها چەند راوچییەك نەبێ كە تەمەن ماندووی كردبوون
لەوێ تێپەڕ دەبوون

-4-

وەكو منداڵێك لەمەوبەر قیژەی ون دەبوو
لە باغی سێوی سپیدا
كاتێ مانگ بە خۆشەویستی بۆ هەموو شتێ دەخنایەوە
سەر لەنوێ لە ئاوێنەیەكی خاڵیدا
یادگارییەكانم و داردەستە سپییەكانم دەبینم
نازانم كێ زیاتر شایانی بەزەییە
من یان ئەو
تاڵیی ساڵەكان چەند تەنهاترە
ئەی مانگ ئەی ئاوێنەی نادیاری.

-5-

كانی قسەی دەكرد و دەگریا
كاتێك شەوێكیان وڵاتی چراكان
بەجێدەهێڵی وەكو منداڵێكی سەرمابردوو
لەوانەیە فریشتە نانت بداتێ
بۆ ئەوەی چی دەبینی بینووسیت:
ئەو ئاوە زیندووەی دەبێتە سێبەرو
درەختێك كە ڕێی خۆی وێڵ دەكات.

-6-

لەشی ئەو كچە لە ناو دەستدا تام و لەزەتی ئاوی هەبوو
ملوانكەیەكی شین ئاماژەی بە بەژنی لاوازی دەدا
گوڵ شیعرەكەی بۆ دەنووسێتەوە
لە بەیانیدا دەبێتە قیبلەی هەموو سەرنجەكان
شاخە دوورەكان لەو شوێنەی خەڵكی دێرینی لێیەو

ئەو بارانەش کە بانگ دەکات
- ئەم ژنە خەون نییە
بێگومان ئیستا مردووە
لە پێناویدا دەکەوێتە تەك وێنەی (با).

-7-

لە کڵێسەی گوندەکەدا کاتێ شەو دادێت
نوێژەکان لە حەشارگەی خۆیان دێنەدەرێ و
فریشتە منداڵەکە بەجێدەهێڵێ
بخوڕ سەرپۆشە تاریکەکەی بۆنخۆش دەکات
لەسەر مەجووسی نووستووەکان
هەلاڵە وادیارە لەبەر پێیان کزەو
لە دوورەوە لە ئاسمانێکی پڕ لە مۆم
ئیقۆنەکان سەفەر دەکەن.

-8-

بەر لە خەوتن
خوشکانی دایکم بە دەنگی نزم قسەیان دەکرد
هەموو شتێ دەچووە ناو تاریکییەوە
سەروچاوی دەنگەکان و
سەعاتی سەر دیوارەکە لەناو قەفەزەکەیداو
لە گۆرانی وتن کەوت
لەو دەمەدا تەڵە شقارتەیەك دەبریسکایەوە
دەمانتوانی بزانین چییە
پوورەکانم لە دیوەخانێکی ئاڵتووندا
لەسەر ئەژنۆ بوون.

-9-

هەموو پەنجەرەیەك ئاسمانێکی لادێیانەی خۆی هەبوو
لەو ماڵە لەبیرکراوەداو
باڵندەکان هەواڵیان دەگەیاند
لە خەونەکانیشدا منداڵێك ژیانی خۆی دەگێڕایەوە
خۆشەویستی
لە شەوانی زستاندا
چراکە لە کراسە شووشەییەکەی خۆیدا رۆح سووکەو
سەعاتی سەر دیوارەکەش دەزرنگێتەوە و بانگ دەکات
منداڵێك خەو بڕستی لێ بڕیوە.

-10-

ئەم قەسیدەیە وشە نییە بۆ هیچ نەبوو
ئەم خەمۆکییە سروود نییە بۆ هیچ کەس
ئەوەتا پاییز خۆی و ئەستێرە ساردەکانی
هێشتا لەوێ (با)یەك هەیە بۆ راکردن
باڵندەی ئەفریقیا لە کات دەپرسێ
بەڵام دەریا  دوورە وەکو سەفەرو
وڵاتان لە وڵاتاندا ون دەبن
- لە بەینی لقو پۆپەکاندا
گوێ لە دەنگی ئاڵتوونیی درەختێك بگرە کە دەمرێت.

-11-

نەدەهات بۆ ئەم رۆخە چۆڵە
تەنها بۆ ئەوەی وەکو شەپۆلەکانی دەریا بڕوات
ئەمڕۆ ئەو زەمەنەی دەڕوات
یادگاریی وسێبەر دەخاتە سەر جوانیی خۆی
- چپەی چپی دەکرد
کاتێ بەدەستی وشەکانی تێکەڵ دەکرد
چەند بەدبەخت بووم
لە نێوان ختووراتی خۆمدا دێم و دەڕۆم
بۆ ئەوەی تووشی نادیارییەك بم
کەچی درەختە گەورەکان لە ئاسۆوە
بە چپە لەگەڵ وەرزەکان قسەیان دەکرد
کاتێ تەم هەڵیگرتبوون.

-12-

**(پەیکەرێك لە پێناوی نادیا )**
دەستی برادەرەکانی بەجێهێشت
لە پێناوی باخچەیەکی شینی پەرژین کراو
کە تیایدا چۆلەکە لەگەڵ هێلانەکەی دەفڕێ
دوو چاوی رەش، قژێکی رەش و
بە هەرچی جوانیی تیایە
ئێستا سێبەر بەسەر شانیدا دادراوە

-13-

زۆر لە زەمەن پیرتر بوو
بە دوو دەستی شەفافەوەو

بە خەمی بەهارەوە لە چاوەکانیدا.
لەژێر لمدا راکشا
لەناو درەختدا هەندێك (با) هەبوو
ئەویش تەواو بوو
یادگاریی دەنگی دەمێنێتەوە.
لەوەتەی هاتبووە ئەم وڵاتە دوورە
کە ژنەکانی هەموویان لەیەك دەچن

-14-
ئەوەتا سەرلەنوێ پاییزە
لەدوای گەڵاکانییەوە باخچە رادەکات
کەسیش لەوێ نەماوە
نە پەنجەرەکان نە بنیادەمەکان
جگە لە (با) نەبێ
لەوێ مانگ لەبیر کراوە
وەکو وێنەیەك لە ئاسمان
کانی دەڵێ،
با بخۆینەوە بەیادی هاوینێکی جوان.

-15-
کاتێ چاوەکان لە خەوا ون دەبن
وەکو چۆن رووخسارەکان لەبیری ئاودا ون دەبن
بەسەر خەوتووی شەودا
خەونێك دێتەخوارەوە لادێکان هاورێیەتی
لە ئاسمانێکی رەش ئەستێرەکانی لێی هەڵاتوون
پەنجەرەیەك لە دەمەوبەیاندا
سەری ژنێك بەسەریدا چەماوەتەوە
لە خەونەکەدا دەبێتە لوغزێك.

**<u>شیعرەکان</u>**
-1-
وێنەیەکی قەڵەمیانەی جۆل (1954)
ئەو لاوەی لە جادە پیاسە دەکات لە مۆنتیفیدۆ
رەشی پۆشیوە وەکو قازییەکی لادییێ و
ئەڵماسێك لە پەنجەیدایە
ئەوە (جۆل کوڕی جان)ە

(حەزی لێیە فنجانێك قاوە لەناو بەلەمەکە بخواتەوە لە کاتێکدا دەریا دوورە)
کاتێ رێدەکات زۆر شت دەزانێت:
چۆن وەڵامی مەلی بایەقووش دەداتەوە
سڵاو لە کیژە قوتابییەك  دەکات لە پەنجەرەکە
کە بە سەخسی رازاوەتەوە
تەمەنی شانزە ساڵە وەکو چوالەیەك لە شەودا
(درەختەکان لقەکانی خۆیان لە زەردەپەڕێکی جواندا رادەخەن لە ئۆرگوای)
ئێستا ئەحواڵت چۆنە جۆل؟
لەوەتەی سێبەری ساڵانی بیستی تەمەنت ون کردو
میمۆزەی سوخمەکەت سیس بووەوە
(لە دەرەوە کزەبایەکی هیندی دەگرێت)
چۆن رووخسارت ئەوانەی بەخەیاڵدا دێت
کە هێشتا نەیدیوون
(لەسەر دەرەگی کتێبەکانت دانیشتووی، یان لە کانیاوەکانتدا بەپێ ی پەتییت)
لەبەر رووناکیی مۆمێکی لارەوەبوو؟
ئایا پێیان بڵێم تۆ لە پۆستەچیی شاخەکان دەچیت
یان داربەڕوویەك شەو رووتی کردبێتەوە؟
فیلێك و پەپوولەیەك لە یەك بەرگدا
(بە لووتە زلەکەتەوە دەڵێی جانتای سەفەرە)و
ئەو دوو قاچەت کە بێ کۆتان
چونکی (جۆل) تۆ درێژی وەکو دووجاری تەمەنت
خۆزیا دەیانتوانی گوێ لەو دەنگەت بگرن
کە دەڵێی هاژەی ئاوەو
لەسەر شانت سەرپۆشی پەشیمانی ببینن
لەم ماڵەی کە دوو شەقامی هەیە
لەو شوێنەی تاجی هەڵگرتووە.
کەس لە تۆ چاکتر نییە درەختی شیعر راوەشێنە
ئەی شاعیری ئاشنا..
ئەو ئەسپەی لەسەر عەرشی خۆی دانیشتووە لە شەقامی نانەواکاندا
بۆ ئەوەی لە زەردەپەڕا پەنجەرەکەی بکاتەوە
بۆ ئەوەی بیری کەوێتەوە بە هەردوو کونە لووتی هەناسەیەك هەڵدەمژێ
کێ چاکتر بوو بەشانازی کردن بە سنگی خۆیەوە، بە موو و نەقشەکانییەوە
کێ بەرەڵای کرد لە زەمەنێکدا کە بەدەزوویەك بەسترابووەوە
چوار گوڵەگەنمەکەی  لە زەویی گۆڕەپانە لمەکەدا کۆکاتەوە.
ئەی شێرەکە کێ ریشە خڕەکەی بڕیوە بە مەقەستێکی بازنەیی
کێ وای لێکردن قاچە شێرانەکەی بخاتە سەر گوڵێکی بەهاری

کێ فێری کردووە لە ماڵەکانمان سڵاو بکات
هەروەکو کیژێکی منداڵکار و
لە قەسیدەکانیش پاسەوانی شەو هەبێ؟
لە پێناوی خۆشیی چاوەکان چۆلەکەکان بەباڵی گەردوونی
لە بەندیخانەکەی خۆیانەوە لە نێو خاکەنازدا دەفڕن و
کەهرەمانی گۆڕیەوە بە پشیلەیەکی سێ کیلۆیی و
مرەبای گوڵی خستە سەر ڕەفەکە
لە پاییزدا کاتێ (با)و بنیادەمەکان دەگرین؟
جۆل، ئەگەر خەمۆکی نەبێ بەختەوەریش نابێ
ئێستا لە شەقامی (ماسینێ) شەودا دێتو
شێرەکان لە هەموو شوێنێکن
سەعاتە مۆنتیڤیدیەکەت لەسەر مێزەکەیە و
خەو لە هەردوو شانتی گرتووە
سێوی فەرەنسای لەگەڵ قامیشی شەکری ئەجنەکان تێکەڵ کردووە
وەکو کتێبێکی گەورەی وێنەکان هەڵاژاوە...

**حیکایەتی ساڵی سفر**
**(بۆ ئیف دۆ بوازێ)**

مەجوس
لەسەر رۆخی حەوزێك
لە شەوێکی ڕووناکدا
بەیەکگەشتن، بۆ ئەوەی وڵاخەکانیان ئاودەن
سێ مەجووسی و سێ ئەسپ
بەڵام کاتێ چەمانەوە
بوون بە شەش لەناو ئاوەکەدا
شەش مەجووسی و شەش ئەسپ
ئەمە یەکەم عاجباتی بوو!
بەمجۆرە کە سواربوو
مەجووسەکان و (ئەسپیەکان) دانیان پیا نا
کە وێنەکانیان
لە شەوێکی ڕووناکدا خەڵەتاندنی
پێکەوە پێکەنین
لە شەوێکی ڕووناکدا
بۆ یادکردنەوەی ئاو
ئەو ئەستێرەیە دیار نەبوو کە چاوەڕێیان دەکردو
کاتێ سەریان هەڵبڕی

ئاسمان بە ئەستێرەو نادیاری دەدرەوشایەوەو
ئەستێرەکە بە دار هەنجیرێکەوە هەڵواسرابوو
لە پشتی گەڵایەکەوە
( بەرە هەنجیرەکەم بە دەست گرت باوێشکی دەدا)
ئەو شەوە درەختەکە
شەو شەکەتی کردبوو
سێ کەسی ریشدار
بەم شێوەیە ئەستێرە دیلەکە
لە ناو هات و هاوار
(بێ ئاوڕدانەوە لە چاکییەکانی
درەختێك تەمەنی سەد ساڵە)
ئەستێرەکە لەسەر هێڵی شەمەندوفێر خلیسکاو
بەردەوام بوو لە رەوتی خۆی
لەسەر درەختی هەنجیرەکەش
خورییەکی سپیی بەجێهێشت.
پەشیمان بوون، بەرامبەر چاکیی ئەستێرە درەوشاوەکە
چونکی بە خراپی مامەڵەیان کرد لەتەك درەختە پیرەکەو
داوای لێبووردنیان کرد لە سێبەرەکانی خۆیان
(چونکی هەر خۆیان بوون و هیچی باشتر لەوێ نەبوو)
ئائەوەتا ئەوانیش کۆچ دەکەن
سێ مەجوسییەکە برۆ گەورەکانیان دەجوولێننەوە
لە شەوێکی رووناکداو
کاتێ دیارییە بەنرخەکانیان
(زێڕ، بخوڕ، مسك)
لە سنووقەکان ریز دەکرد
ئەسپەکانیان لەسەر گیایەکە
تەرسێکی رەنگ ئاڵتوونییان بەجێدەهێشت
وەك بڵێی پیسکەییە.
میلیشور بە گاسپاری وت و
گاسپاریش بە باڵتازاری وت:
(با دڵمان خۆش بێ چونکی بڕوامان یەکەو
خۆشەویستیمان یەکە
لە رێگای بەیت لەحم..)
پاشان لە بەردەم ئەم رۆحە نوێ یە هاوبەشەدا
هەردووکیان سڵاویان لەیەکتر کردو
دانیان نا بەوەوە کە ئەوان
یەك مەجوسی بوون لەسەر پشتی سێ وڵاخ.

**ژووری ئوتێل**

بەیت لەحم بە شەو
سەعاتە لمیەکان وەستان لە رژان و
بیرە ئاوەکان ساردبوونەتەوە
ئەوا زستانەو
لەبەر دەرگای ئوتێلەکە هەڵواسراوە
ماری و یوسف و گوێدرێژەکە
چاوە هەژارەکانیان هەڵدەهێنا
خاوەن ئوتێل، لە پەنجەرەوە
ئەوە کێیە لە دەرگا دەدات؟
یوسف:
ئێمەین
خاوەن ئوتێل:
(ئێمەین) کێن؟ ئەو دوو تارماییە، یەکێکیان نەرمونیان
ئەوی دیکە زبر.
یوسف:
ماری و یوسف خەڵکی جەلیلین
خاوەن ئوتێل:
ئەی ئەو سەگە زلە لێرەوە دەیبینم؟
یوسف:
ئەوە گوێدرێژێکی بچووکە
خاوەن ئوتێل:
هەموو جارێك ئەمە دەڵێن بۆ خەڵەتاندنی خەڵکانی باش.
ئەوە سەگێکی گەورەیە بە جووتێ شاخەوە. هەر هیچ نەبێ زنجیرتان پێیە بۆ بەستنەوەی
وا بەچرایەکەوە دێمە خوارێ
بۆ ئەوەی دەرگاتان لێ بکەمەوە.
یوسف:
شکوور بۆ خوا
ئەم پیاوە دڵی باشە
گوێدرێژەکە، بە بیرکردنەوە:
خاوەن دڵی باش منم.
یوسف:
ئەم ئوتێلە زۆر قەشەنگ نییە شایانی ئێمەیە، ماری ژوورێکی یەك قەرەوێڵەیی گران نییە.
گوێدرێژەکە بە بیرکردنەوەوە:
ماری لەسەر قەرەوێڵەکە دەخەوێت و یوسفیش لەسەر زەوی.
خاوەن ئوتێلەکە بە وریاییەوە دەرگاکە دەکاتەوە:
با ئەو سەگە ببینم.. بەراستی گوێدرێژە، سڵاو لە هەمووتان بێ تەنها گوێدرێژەکە نەبێ، بەر لە قسەکردن لە باران و سامانڵ، با باسی کاروباری ئیش بکەین. بە دوای ژووردا دەگەڕێن؟
یوسف:
ژوورێك بۆ ئەوەی شەو بەرینەسەر.

خاوەن ئوتێلەکە بە دەم تەماشاکردنی گوێدرێژەکەوە:

سەرلەنوێ بەسەگ دەچێت.

گوێدرێژەکە بە بیرکردنەوەوە:

دواجار توورە دەبم

یوسف:

ئەی ئامۆزا، ئەی جوولەکەی باش، ژنەکەم ماندووەو دەبێ ئیسراحەت کات،
ژوورێکی بدەرێ، لەبەر خاتری خزمایەتی.

خاوەن ئوتێلەکە:

قسەیەکی جوانە و لە دڵێکی گەورەوە دەردەچێت، وەرنە
ژوورەوە، وەرنە ژوورەوە، ئێوە وەکو من لە ماڵی خۆتاندان.

گوێدرێژەکە بە بیرکردنەوەوە:

یوسف، یوسف، لەبارەی نرخەوە پرسیاری لێ بکە.

یوسف:

سوپاس بۆ ئەم ئاوڕدانەوەیە چاکە، لەوانەیە دەبێ نەختینە پارەکە بدەین.

خاوەن ئوتێلەکە:

توخوا، ئایا پیاوەتیم دەخەیتە جێی گومانەوە؟ ئێوە میوانی ئازیزی منن.

یوسف:

لەبەر ئەوەی ئێمە هەژارین....

خاوەن ئوتێلەکە:

ئاه.. بەڵام ئێوە شەریفن، شەرەف زامنی دەوڵەمەندییە، زوو بێ یان درەنگ، باشە. پێش مەسەلەکە دەکەوین و ئەوەی بەدڵتان بێ بۆتانی دەکەم، لەم ئێوارەیەوە
ژوورێك بە شەش پەنجەرەوە، کە بە تەواوی شایانی ئێوە بێت.

گوێدرێژەکە بە بیرکردنەوەوە:

چۆن نرخەکەی بدەین؟

یوسف:

شەش پەنجەرە نامەوێ ئەم ژوورە عەیبدار بکەم، بەڵام لە سەرووی توانای ئێمەوەیە.

گوێدرێژەکە بەبیرکردنەوەوە:

بەتایبەتی ئەگەر بایەکە سارد بوو.

خاوەن ئوتێلەکە:

بەکورتی، دەتانەوێ بە خۆرایی بخەون!

یوسف :

ئەوەمان ناوێ (پارچە دراوێك دەردەکەوێت). لە دەستی منەوە بۆ دەستی تۆ. ئەمە دەدەین.

خاوەن ئوتێلەکە:

پارچە دراوێکی مس و کونکراو؟ بەم نرخە کەوێکیش راگیر ناکەین پارچەیەکی ساغم بدەنێ، ژوورێکی یەك پەنجەرەییتان دەدەمێ،
شەش پەنجەرە بێگومان زۆرە.

یوسف:

چونکی هیچمان پێ نییە.

خاوەن ئوتێلەکە:

کەواتە گوێدرێژەکەتم بدەرێ.

یوسف:

ئەم پارچە دراوە کون بووە، ئەی ئامۆزا، ئەی جوولەکەی باش، سەرەرای تەرسی گوێدرێژەکەیش بۆ باخچەکەت، ئەگەر بتەوێ.

کاتێ (یوسف و خاوەن ئوتێلەکە) گفتوگۆیان بوو، گوێدرێژەکەش بیری دەکردەوە، هەرسێ مەجووسییەکە بە جلوبەرگی سووری ئاڵتوونییەوە لەسەر پشتی ئەسپە برۆنزییەکانیان پەیابوون، ئەستێرەکەش لەسەر ئوتێلەکە وەستابوو بۆ ئەوەی تەماشا بکات.

خاوەن ئوتێلەکە

ماری و یوسف و گوێدرێژەکە کە دەشەلی دەرکرد

پاشان لەبەردەم مەجووسەکان چەمایەوە

ژوورێکی پێشکەشکردن بە شەشسەد پەنجەرەوە

لە پێناوی پشوودانیان.

(خاوەن ئوتێلەکە لە بەردەم دوو مەجووسییەکە چەمایەوە، سێیەمیان رەشێکی تێکەڵ بە رەشیی شەو بوو)

مەجووسیەکە سەرکەوتە سەر بانیژەکە

لەوێوە چاو دەتوانێ دوور ببینێ

دیتیان ئەستێرەکە رێگای خۆی گرتووەتەبەر

لە دوای دوو تارمایی و سەگێکی گەورەوە

ئەوجا بە ژاوەژاو ئوتێلەکەیان بەجێهێشت و

خاوەنەکەی بەبێ ئاسوودەیی و

بێ پارەو بێ پشت مایەوە..

لابۆڵکا

دەڵێن کاتێ منداڵێك لە ئەستەبڵێکی کلۆڵ

لەدایکبوو

بەبێ گوڵ و بەبێ پزیشك

دەڵێن گوێدرێژێك وگایەکی ئەریحی

بەسەریدا فوویان کرد چونکی سەرمای بوو

ئەمە رای من نییە و (رای منداڵیشم نییە)

گوێدرێژەکەو گایەکە سەمای بۆڵکایان دەکرد!

هەنگاوێك لێرە و هەنگاوێك لەوێ

شاخەکان و ناڵەکان

پاشان بەفری سپی

ئایا منداڵەکە –پاشاکە

کە فریشتە دایدەپۆشێ سەرمای دەبێ؟

ئاە ئەی شەوی لەدایکبوون

ئەی شەوی سپی...

*(ئەدۆنیس) لە فەرەنسییەوە کردوونی بە عەرەبی..